# لەشت ساغ و تەمەنت درێژ

مەحمەدی ساڵحی ئەمڕۆ ١٨ خاکەلێوە پاشی تێپەڕکردنی زیاتر لە ساڵێک گیران ئازاد کرا و گەڕایەوە ناو کۆڕی خانەوادە و دۆستان و هاوکاران و هاورێیانی خۆی.

محمودی ساڵحی بە تاوانی هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی ڕێورەسمی ئەوەڵی مانگی مای، ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار لە زیندان توند کرا و سەرەڕای ناسازی و نەخۆشی دژوار زیاتر لە ساڵێک لە خراپترین هەلومەرجی ڕۆحی و جیسمیدا ڕاگیردار.

گومان لەوەدا نیە کە هەر وەک چۆن هیچ زۆردارییەک لە مێژوودا بێ ئارەقە دەرنەچووە و تاوانی ئاکارە دژی ئینسانییەکانی خۆی داوەتەوە، کۆماری ئیسلامیش بە هەمان شێواز دەکەوێتە بەر باهۆزی رق و تورەیی کۆمەڵانی مەینەت دیتووی ئێران و کوردستان و وڵامی شیاوی خۆی وەردەگرێتەوە.

وێڕای پێخۆشحاڵی لە رزگار بوونی کاک موحمودی ساڵحی لە چنگ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی، هیوای سەرکەوتن و لەش ساغی بۆ دەخوازین و هیوادارین وەک هەمیشە لە پێناو یەکریزکردنی دەنگی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشاندا تێبکۆشێ و توانایی و ئەزمون و لێهاتووییەکانی خۆی لە پێناو بەرزکردنەوەی دەنگی یەکگرتوانەی ئەم چین و توێژە بەش مەینەتانە بەکار ببات.

سایتی راوێژ